جیهان لە چنگی ئیمپراتۆردا – 5 – … سمکۆ عەبدولکەریم

بەشی پێنجەم……

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دوای پاشکشەپێکردنی وەاتانی زلهێزی ئەورووپا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و دواتریش رووبەرووبوونەوەی بیر و دەسەاتی کەمۆنیزم لە سەرتاسەری جیهاندا کە یەکێتی سۆڤیەتی جاران سەرکردایەتی دەکرد، لە هەمانکاتیشدا سنووردارکردنی، دواتریش شکستپێهێنانی بیری عروبەی عەرەبی لە دوای پێنجاکانی سەدەی رابردوو، بەسەرکردایەتی (جەمال عەبدولناسر) دەسەات و هەیمەنەی ئەمریکا گەیشتە چلەپۆپەی، بەیە قسەکردن لە ئەمریکای دوای ئەم قۆناغە باباین، بۆتە یەکێک لەو باسە گەرم و گۆڕە سیاسیانەی، نەوخەی ئەمریکا، بەشەویەک لە سەرئاستی جیهانیشدا بۆتە مەسەلەیەکی پڕ بایەخ.

هەندێ لە مێژوونووسان و بیرمەندانی سیاسی، ئیمپراتۆریەتەکەی ئەستای ئەمریکا دەشوبهێنن بە ئیمپراتۆریەتەکەی جارانی بەریتانیا، کە چەن ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە بەوە ناسرا بوو، خۆری لێئاوانابات تووشی داوخان بوو، ، ئاواش ئیمپراتۆریەتەکەی ئەمریکا کە بە دەسەاتداری موتلەقی جیهان ناسراوە، دوور یان نزیک دووچاری هەمان چارەنووس دەبێتەوە "لە کاتێکدا ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا رۆژێ لە رۆژان چارەگی خاکی دونیا بەدەستەوە بوو، کە نزیکەی چارەگی دانیشتوانی جیهانی پێکدەهێنا، لە بەرامبەر ئەوەدا ئەو زەویەی کە ئەستا ئەمریکا لەسەریەتی لەنەوان سەدا شەش بە سەدا حەوتی روبەری گەی زەویە، دانیشتوانەکەشی لە سەدا پێنج تێپەناکات" بەام لە رووی ئابوریەوە، بەرهەمی ئابووری ئەمریکا دەگاتە چارەگی بەرهەمی دونیا، کە لە سالی (1969) وە تاکو ئەستا بە شەویەکی گشتی جێگیرە.

(ڕەبەرت کاجان) لە نووسینەکانیدا زەر بە توندی ئاوڕ ڕت دەکاتەوە کە ئەمریکا لە لەواری غلەربوونەویەکی حەتمیدا بات، بەشەویەک لە وتارەکانی (ئەباما)ی سەرکی پێشووی ئەمریکاشدا ئەو مەترسیە هەستی پێدەکرێت، ئاماژەکانی ئەو مەترسیەش، جگە لەو وتارانەی لەوبارەوە نووسراون، زیاتر لە قسەکانی (ئەباما) دا دەرکەوتوون. ئەباما لە یەکە لە وتارەکانیدا لە سالی (2012) بە ئاوازێکی بەرزی

دەنگی و جۆرێک لە بزەی باوکی بە خەبوونەوە وتی: "ئەوانەی دەڵێن ئەمریکا لە داروخاندایە، نازانن چی دەڵێن" ئەمەش بە پشت بەستن بە بەچوونەکانی مێژوو نووسی
ئەمریکی (ڕۆبێرت کاجان) کاتێک وتارێکی بەناونیشانی (ئەفسانەی داوخانی ئەمریکا) لە گۆڤاری (نیو ریپبلیک) ی ئەمریکی بڵاوکردەوە و دەنگدانەوەی زۆری هەبوو.
ئۆباما لە پڕاوێزی ئەم وتارەی (کاجان)دا کە هەندێ چاودێری سیاسی جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ پێوەدەبینن، دەیهەوێ بگڕێ هەموو ئەو بەچوونانەدا بچێتەوە کە باس لە داوخانی ئەمریکا دەکەن.

بە پێی هەندێ سەرچاوە، ئۆباما لە دانیشتنێکی تایبەتدا زۆر بە وردی و خاڵ بەخاڵ گفتوگۆی لەسەر ئەم وتارەی (کاجان) کردوە و باوەڕی بە بەچوونەکانی هەبووە، بەڵام (کاجان) کە دواتر ئەو تێگەیشتن و بەچوونانەی خۆی لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناوی (جیهانێک کە ئەمریکا دروستی کردوە) فراوانتر دەربڕی، بەشێوەیەک ڕەخنە لە ئۆباما دەگرێت، کە کردەوەو بڕیارەکانی پێچەوانەی دەربڕینەکانییەتی، بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە ڕووشی سوریاوە هەیە، لەم ڕووەوە ڕەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا دەگرێت، لە بڕامبەر دەست تێوەردان و پشتیوانی نەکردنی، گەل و سوپای ئازادی سوریا.

لە مێژووی ئەمریکادا هەمیشە نووسەرو بیرمەندانی ئەم وڵاتە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە داشتن و دیاریکردنی نەخشەی سیاسی ئەم وڵاتە، بۆیە بەردەوام لەپشتەوەی زۆر لە سەرکەکانی ئەمریکا بیرمەندێک هەیە.
ئەمریکا لە زۆر بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتی پشت بەبیردۆزە داهێنراوەکانیان دەبەستێت، هەر لەکتێبەکەی سامۆئیل هنتگتۆن (پێکدادانی شارستانییەتەکان) و کتێبەکەی فۆکۆیاما (کۆتایی مێژوو) بگرە تادەگاتە کتێبەکەی (ناتان شارانسکی /کۆشکی دیموکراسی/هێزی ئازادی بە زاڵبوون بەسەر ستەمی تیرۆر) کە زۆر لەنووسەرە سیاسییەکان ئەم دوو کتێبەی پشتر وەک بناغەی سیاسەتی ئێستای ئەمریکا دەناسێنن، هەروەک ئاماژەیەکی زۆریش بە ئەوە دەکرێ کە جورج بۆش زۆر سەرسام بووە بەم کتێبەی (ناتان شارانسکی) .

بە شێوەیەک (ناتان) باس لەو سودفەیە دەکات کە کتێبەکەی خۆی، لە سەرمەزی کۆندالیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمریکا بینیوە، سەرسامبووە، بەوەی کە (کۆندالیزا) باسی ئەوەی بە کردوە کە (جورج بوش) مەڵەتی یەک هەفتەی پێداوە بە ئەوەی لەم ماوەیدا ئەم کتێبە

بخوێنەتەوە .
زۆر لە نووسەرو سیاستمەدارانیش بەکارهێنانی دەستواژەی (فوضی الخلاقة) لە کاتی خۆیدا کە هەڵایەکی زۆری نایەوە، بە بیری ئەم کتێبەی (ناتان شارانسکی) دەگەڕێننەوە، بەوماناییەی کە (شارانسکی) رایگەیاندوە: "عەرەب و موسڵمانان، تا ئێستا لە ئاستی دیموکراتییەتدا نین" ئەم بیردۆزەش زیاتر لە دوای رووداوەکەی 11-ی سپتەمبەری 2001 سەری هەڵدا و ئەمریکای لێوە بە ئاگا هێنایەوە، کە قەڵەک خەریکە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرامبەریدا ئێستورتر دەبێت، هەمووانیش باش هەست بەو ڕاستیە دەکەن، جۆرج بوش لە دوای 11-ی سپتەمبەر وتی: "دوژمنەکانمان رقیان لە ئازادیمانە"

فەرید زەکەریا خاوەنی کتێبی(جیهان دوای ئەمریکا و تۆماس فریدمان) لە کتێبەکەی بە ناوی (That Used to Be Us) دوو لێو نووسەرانن کە (کاجان) زۆر بە تووندی بۆچوونەکانیان لە بارەی ئایندەی ئەمریکا ڕەتدەکاتەوە، بە تایبەتی ئەو بۆچوونانەی وێنەی ئەمریکا وانیشان دەدەن، کە ئەمریکا خاوەنی هێزێ، بەتام ئۆباما بە شێوەیەک هەڵسوکەوت دەکات، وەک ئاوەی لە لەواری داوخاندا بێت.
هەموو ئاوانەی داکۆکی لە بەردەوامی هەیمەنەی ئەمریکا دەکەن، پێیان وایە ئەم جگە لە وەهمێکی بێتاڵ، شتێکی تر نییە، ئەمش بە پشت بەستن بەو مێژووە پڕ لە هەوراز و نشێوەی، کە ئەمریکا پێدا تێپەڕیوە. نمونەش بەوە دێننەوە، کە ئەمریکا بە سێ قەیرانی ئابووری خنکێنەردا تێپەڕیوە، قەیرانەکانی ساڵی (1910، 1930، 1970)، دوای ئەم قەیرانانەش، ئەمریکا هەموو جارێک بەهێزتر لە جاران دەرکەوتەوە.

لە گۆشەیەکی تری مێژوویەوە مێژوونووسان تەمەنی ئیمپراتۆریەت بە چەند قۆناغێکی یەک لە دوای یەک هەڵدەسەنگێنن، نەک چەند ساڵێکی کەم. بۆیە هەموو ئاوەی لە بارەی ئەمریکاوە دەوترێت، دەکرێ لە گۆشەی سیاسی تراوە لێبڕوانرێ، بە تایبەتی ئێستا، کە ئەمریکا بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت، هەستیار، هاوشێوەی قەیرانی کوبای ساڵی 1962، کاتێک بە ناچاری کۆتە بڕدەم ئاگری ڕووبەڕووبونەوە لە گەڵ یەکێتی سۆفیەت، ئێستاش جارێکی تر لە گەڵ ڕوسیا ڕووبەڕو دەبێتەوە.

سیاست و یەکێتی کولیچە ... زگار عومەر

٤١٠ ساڵ پێش لە دایك بوونی مەسیح، یوروبیدس لە شانۆگەری ئەریست دا دەڵێت :
"کاتێك کەسێکی ناخ ئەهریمەنیی بە قسەی هەنگوینی حەشامەت لە خشتە دەبات ئەو کاتە کارەساتی گەورە توشی دەوڵەت دەبێ "
قسەی هەنگوینی کە یوروبیس تایتڵی دەکا ئاماژەیەکی سیاسی و کلتوریە بۆ کاراکتەرە باوەکانی سیاست بە تایبەتی لە چینی دەسەڵاتدار، لە کوردستان دەنگە کەمێك جیاوازی هەبێت لە ڕووی بڕاغەتدا لەگەڵ قسەکەرانی یۆنانی کۆن، بەڵام دەگەڕێ "موژدە" ی ناڕاست کەیان دەکاتەوە.
لە تازەترین نوسینیدا کاك مەریوان وریا قانیع دەیەوێ موژدەیەکی سیاسی بخاتە ڕوو کە بە هاوبەشی لەگەڵ کاك ئاراس فەتاح ناویان لێناوە (بلەکی مژووویی).

مەریوان بە خوێندرانی کورد دەڵێت ((بیرکەی ئەم بلەکە ئەوەیە هەموو ئەو هەزانەی کە ڕاستەوخۆ، وەك یەکێتی و پارتی، بەشدارنین لە دروستکردنی ئەو زەنگاوە سیاسییەدا و خودی زەنگاوکێش پەروەزی خستون و زیانی پێگەیاندون، لەسەر بەرنامەیەکی نیشتیمانی گشتیی کەبنەوە بە دەگەڕتن لە درێژدان بەو مەدلە سیاسیەی تا ئێستا سەروەرکراوە))

ئەم پەرەگرافە هەڵگری زەر شتە لە دەرووەی خۆیدا. لە ڕووی زمانەوە سیاغەیەکی زەرلاوازی بە کراوە بە چاوپۆشین لە ئەلتەرناتیڤە پێشنیارکراوەکە. ئەو هەندە هەزی ێیزکردووە کە گوایە (ڕاستەوخۆ) بەشدار نین لە دروستکردنی ئەو زەنگاوە سیاسیە. یانی ئێستا ئەمە دوو پەلمان هەیە لە هەزی سیاسی لە کوردستان کە هەندێکیان (ڕاستەوخۆ) هەندێکیان (ناڕاستەخۆ) بەشداران لە دروست کردنی ئەم زەنگاوە سیاسیە. بە پێی ئەم پەلینکاریە ئەوانەی ناڕاستەوخۆ بەشداریان کردیە هەشتا بیان هەیە درێژە بە عومری سیاسی خیان بدەن وشوێنی یەکێتی وپارتی بگرنەوە.

ئەم پلاتفەرمەی کاك مەریوان هاوڕەانی و دروست کردنی " ەەی " نوێیە لە هەمان هەویرە کنەکە. ئەوانەی سێیری بەرنامەکانی دروست کردنی خواردن دەکەن ، یان هاتوچۆی مەتبەخی دوکانەکانی شیرینیان

کردبێ ، بینیویانێ قالبی جێراوجێر هەیێ بێ دروست کردنی کولیچەی خێ، ئەستێرەیی ، بێ خورما بێ گوێز هتد. ئەم پلاتفۆرمە سیاسیە گەینی قالبەکەیێ نەك هەویرەکە. ئەوە یەکەم جارو دوا جار نابێ کە ئەم پۆلە لە ڕۆشنبیر ببنێ تەباغ لە مێتبەخی سیاسی کوردی ، نزیکەی ٩ ساڵەك لەمەوبەر، هەر ئەم بەڕێزانە (مەریوان وریا قانیع، ئاراس فەتاح ، ڕەبین هەردی، بەختیار عەلی) لەسەرو بێندی دروست بوونی بزوتنەوەی گۆڕاندا هەمان موژدەیان دەدا سەبارەت بێ هەڵەك کە دەتوانی دەخی سیاسی بگۆڕێت. بەوانێ نامیلکەی –نیگایەك بێ ئەستاو خەونەك بێ سبەی- .

ئەزموونی ئەمڕۆی کوردستان دەریخست کە یەکێتی وپارتی بێ هەڵبژاردن ناڕۆن. لێ بەر ئەوە قسەیەکی هەنگوینی زەر چروکە کە موژدەی ئەوە بدەی کە بەشەك لەو هەزانەی کە پەك هەنەرو برا بەش و مفتەخەری دروست بوونی ئەم دەخێن وەکو فریاد ڕەس بێ هاوڕاتیانی بناسێنی . دوای مردنی -نەوشەروان مستەفا –ڕەکخەری گشتی پەشووی بزوتنەوەی گۆڕان ، دروست بوونی دەیان پرسیار ی بێ وەڵام لەسەر جێ و شوێنی ئەم بزوتنەوەیەو درز تەکەوتن و کوتلەکاری لێ نەو بزوتنەوەکە، ئەم گروپێ لە ڕۆشنبیر هەست بێ پەروازێ کەوتنی خەیان دەکەن لێ ڕووی شیفت بوون لێ پشتەوەی پەڕڕەی گۆڕان .

هەست دەکەن دەبێ مێتبەخەکە گەورەتر بکەن، بێ ئەوان گرنگ نییە قالبێ کولیچێ تازەکە چ هەزەکی موحافیزەکارو دژێ پەشکەوتنی تێدایێ، گرنگ نییە کام سەرمایەداری سیاسی ماسکی سیاسی خەی گۆڕیوێ، گرنگ ئەوەیە ئەم گروپێ لێ " شیفت " عەقدی خەیان لێ گۆڕێ هەزێتر تازێ بکەنەوێ، درێژێ بێ ئیمتیازاتەکانی خەیان بدەن.

بژی برایەتی کوردو تورك ….عەلی مەحمود محەمەد

مرۆڤکانی ئەو وڵاتەش هەموو ئیبنزر سکروجی پاڵەوانێ ناشرینەکەی ڕۆمان نوس چارلس دیکنز ڕۆمانووسی ئینگلیزی نین, تەنها خراپیان وەك ئەردگان و باخچەلی و ئەتاتورك و … بێ گەلی کورد بوەت,جەنگیز

چاندارى رۆژنامەنوسى 70 ساڵەى تورکى دەستى کورد, کە لە 20 ساڵيدا يەکەك بووە لە شەشگەڵانى بزوتنەوەى لاوانى شۆرشگێڕ و لە بيرى چەپيشدا بەلاى ماوەتدا شکاندويەتيەوە.

لە کۆنگرەى 14ى کوردو ئۆروپا لە 6ى ديسەمبەرى رابردوو کە لە پەرلەمانى ئۆروپا بەسترا. باسى رووداوەکى سەرنج راکێشى کرد و شايەديەکى گەورەى شاراوەى لە جوانى هاوبيرکانمانى ئاشکرا کرد و وتى دەنيز گەزميش لەکاتى ئيعدامکردنيدا دروشمى بژى برايەتى کورد و تورکى وتوەتەوە, ئەم نموونەيەش لەناو تورکيشدا هەيە, کە هەموو ئەردەگانيانە بير ناکەنەوە.

ماوييەکانى تورکيا وەك ئەوانەى کوردستان و عەراق لەوانە نەبوون دواتر تەسليم بە جامانەى ناسيۆناليزم و کاسکەتى مارينزو جبەو عەبای مەلاو دەلار ببن, بەکە لە شەشگەيدا بەردەوام بوون و گەيشتنە کەبانى و ئاڵا سورەکەى سەرکەوتنى بەرليەنيان لە رەقە هەڵدايەوە.
ئاخر ئەوان نەبوونە دوژمنى کەبانى و عەفرين, بەپێچەوانەوە ئەوان سوپا سورەکانيان زەويية ئازادکراوەکانى رۆژئاوايان بەخوەنى خۆيان سور کرد. دنيز گەزميش لە 28ى فيبريوەرى "شوبات"ى 1947 لە ئەياشى ى ئەنقەرە لە دايك بووە, لە قەناغى زانکۆ ئاشناى بيرى سۆسياليزم دەبێت و دەچێتە ريزى چەپى شەشگەڵەکانەوە, لە ساڵى 1966 دەچێتە ريزى پارتى کرێکارانى تورکياوە لە زانکۆى ئەستەمبوڵ , لە 12ى حوزەيرانى 1968 سەرکردايەتى داگير کردنى حەرەمى زانکۆى ئەستەمبوڵى کرد, لە 30 تەموزى 1968 بە يەکەمجار دەستگير دەکرێت, لە 28ى نۆڤەمبەرى هەمان ساڵ دەستگير دەکرێتەوە بەهۆى چالاکى دژ بە سەردانى ئستولى ئەمەريکا بۆ تورکيا, لە 16ى ئازارى 1969 بەهۆى بەشداريکردنى لە بەرەو روبونەوەى چەکدارياندى هێزە فاشيستە نەتەوييە راستگەراکان دەستگير دەکرێتەوە, لە 31ى ئازارى هەمان ساڵ دەستگيرى دەکەنەوە ئەوجا هەڵدەت بۆ ئوردن لەوێ لە ريزى بەرەى ديموکراتى گەلى فەلەستين خولى سەربازى دەبينێت و بۆ خۆباتى چەکدارى دواتر دەگەڕێتەوە تورکيا بۆ پراکتيزە کردنى.

لە 11-1-1971 سەرکردايەتى دەست بەسەردا گرتنى بانکى ئيمەکى کرد لە شارى ئەنقەرە, لە 4ى ئازارى هەمان ساڵ 4 ئەمەريکى لە شارى ئەنقەرە بۆ ديل گرت,پاش ئەوەى بۆ ديلەکانەوە دەگەنە سنورى کوردستان, لە دەوروبەرى سيڤاس لە 16ى يەليە 1971 لە بەرەو روبونەوەيەکى چەکداريدا دەستگير دەکرێت, لە 9ى ئۆکتۆبەر بەيارى ئيعدامى لە دادگايەکى نا دادپەروەرانەدا بە دەردەچێت بە پێى

مادەی 146 ی دەستوری تورکیا, لە 6ی ئایاری 1972 بڕیارکە جێبەجێدەکرێت و بە سڵدانەوە بڕاو روی پێتی مەرگ دەبڕتەوە , بە خۆاگری دەچێتە ئاستی ئیبراهیم کایبکایا.
دەنیز بە جیفارای تورکیا بەناو بانگ, یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی سوپای رزگاری گەلی تورکیا ناسراو بە تکە .یاسا ناسان رەخنەیان گرت لە بڕیاری ئیعدامکردنەکەی, بەوەی نابێت لەسەر تاوانی سیاسی بەهەی ئێندامێتی لە سوپای گەلی رزگاری تورکیا ناسراو بە تکە" Türkiye Halk Kurtuluş Ordusu- THKO" و بڕیاری ئیعدامی بە دڕچێت.

سلەمان دیمریل لەو کاتە سەرکی پەرلەمان بوو, دوای 15 ساڵ لەو تاوانە داوای لێبوردنی کرد و وتی: هەکاری ئیعدامکەی شێی سارد بوو,هەرچەندە لەو کاتە بڕند ئەجوید دژ بە بڕیاری ئیعدام بوو بە دەنیز, وەلە سلەمان دیمریل و پارتەکەی عەدالەت دەنگیان بە بڕیارکە دا .
هالیت سیلینك پارێزەری دینیز گیچمیش لە دیداری شبیگلی ئێمانی وتی دەنیز لە کاتی ئیعدامکردندا سلەدانی دا " بژی تورکیای سەربەخۆ, بژی مارکسیزم لینیزم, بژی برایەتی کورد و تورك , بژی کرێکاران و جوتیاران، مەرگ بە ئیمپریالیزم " , هەمان وتەکانی چیندارى دوبارە کردەوە.
هەرچەندە زەربەی رێکخراوە شێشگێ چەپەکانی تورکیا ململانێیان لەگێ گیچمیشدا هەبوو لە روی تیەری و پراتیکی شێشگێانەوە, بەڵام بەسەرکردەی شەرشگێی خەیانی دەزانن و وەك ئەفسانە سەیری قارەمانێتی دەکەن.

ناونانی بە جیفارای تورکیا گەورەترین رەزلێنانە بەو بەخشراوە, ئەو ناوە بە خەی رەزێکی گەورەیەو هەموو کەس بڕی ناکەوێت. نەك هاوێبازی لە یادیان نەکردووە, بگرە لە 19ی تەموزی 1980پارتی رزگاری گەلی شێشگێ- بڕە" Devrimci Halk Kurtuluş Partisi- DHKP/C " Cephesi " لە شاری ئێستەمبوڵ ئیسماعیل نیهاتی سەرۆك وەزیرانی ئەوکات "26-3-1971بە 22-5-1972"ی سەر بە پارتی جەهەپەیان لە شاری ئێستەمبوڵ تیرۆر کرد, کە کاتی خەی دژ بە بڕیاری لێبوردن بوو بەی.

پلانی مارشاڵ چی بوو؟ … تاهیر حاجی حەسەن

ئایا زلهێزەکی وەک ئەمریکا پێویستی بەپلانێکی وەک پلانی مارشاڵ هەیە لەوڵاتانی ئاژهەڵداتا بە دووبارە بنیات نانەوەی دوای کاول کاریەک کەدەستی خۆی تێیدایە؟

پلانی مارشاڵ زەرمان گوڕ بیستی بوین و زەرجاریش بەخۆشحاڵیەوە لەو پلانە دەڕوانرێت کەتوانی ئەمانیاو بەشێک لەوڵاتانی ئەوروپا ڕزگار بکات لەکۆتن یان…، لەدوای جەنگی دوەمی جیهانەوە، ئەمانیا زەرترین زەرەری کرد بەجگە لەدەرانە گەورەکەی لەوی ئابووری و داماڵینی ژێرخانی ئابوریەوە کۆتە قەناخێکەوە گەر دەستکی بەهێز نەکۆتێ فریای ئەوا قەناخەکە بەرەو وەرچەخانێکی مەژووی دەگەیشت یانی بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمۆنیستی. ئەم تارماییە گەورەیە بو وای لەئەمریکا کرد زوو بەزوو فریای وڵاتانی ئەوروپای ئاژاوای سەرمایەداری بکەوێت و خودی دەوڵەتکان ڕزگار بکات لەسەرهەڵدانەوەی دووەمی شۆڕشی کۆمۆنیستی چینی کرێکارو کەی چینە بەرهەمهێنەرکان.

لەو سەرودەمدا،سەرکەوتنی سوپای سوری سوسی بەسەر هیتلەرو سوپاکەیدا،ئیتر نیشانەی تەنها کەوتنی فاشیزمی نەدەگەیاند،بەڵکو لەگەڵ کەوتنی فاشیزمیش وەک ئایدۆلۆجی هیتلەرونازیسم کەوتنی هەیمەنەتی سەرمایەداریشی دەگەیاند. چونکە خودی وڵاتانی زلهێز لەو قەناخەدا هەندەی خوازیاری سەرکەوتنی هیتلەر بون، بەو ئەندازەیە خوازیاری چونەپێش و سەرکەوتنی سوپای سوری سوسی نەبون. دیارە پلانی مارشاڵ لەو قەناخەی دوای ساڵی 1946 زەرتر لەپێناو نیشان دانی ڕوئیایەک بو کەسەرمایەداری وسیستەمەکەی هێندەی داهێنەرن و لەخزمەتی خەش گوزەرانی گشت چینوتوژەکاندایە بەو ئەندازەیە لەخەمی قازانج وسەپاندنی هەیمەنتی چینەکی کۆمۆنیستیدا نیە.ئەم درۆ گەورەیە تەنها لەبەر ئەو ترسەبو کەیەخێ بەخودی سیستەمی سەرمایەداری گرتبو،ئەویش ترس بو لەبەرپاکردنی شۆڕشی کۆمۆنیستی.

هەر ئەو ترسەیش بو وای کرد لەدەوڵەتداران لەوڵاتانی ئەوروپای دوای جەنگی دووەمی جیهاندا کەبچنە ژێر تەسبیت کردنی دانی لانی کەمی بیمەی بێکاری و مافی چینی کرێکارو دابین کردنی خزمەت گوزاریە گشتیەکان بەشێوەیەکی گشتی. ئەو ترسە لەبەرپاکردنی شۆڕشی کۆمۆنیستی هەر کیشوەڕی ئەوروپای نەگرتبویەوە بەڵکو وەک پەرتوکە مەژووییەکان بەمان باس دەکەن خودی کیشوەڕی ئەمریکایشی گرتبویەوە.

زیندوی بزوتنەوە کرێکاری و جەماوەرییەکان لەهاتنەمەیدانەکانیاندا هەمیشە وەک بوومەلەرزە وایە بۆ لەرانەوەی پایەکانی سیستەمی سەرمایەداری.
تاچەند ئەو بزوتنەوە ناڕازیە خاوەن ئەژمارناتیقە واقعیانە لەمەیدندا بن و خاوەن ئاسۆیەکی سیاسی ڕوشن بن بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و کۆتایهێنان بەسیستەمی ئابووری و سیاسی خودی سیستەمی باو، بەو ئەندازەیەش سیستەمی باو دەکەوێتە فریای خۆی تابچێتە ژێر جەبەجێ کردنی زۆربەی داخوازیەکانی ناڕازیانی نەوشەقام و کارگەو کوچەو کۆڵانەکان.
لەغیابی ئاوا بزتنەوەیەکی ناڕازیشدا، ئەوا سیستەمی سەرمایەداری بەپێی خواست و دیدی خۆی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و هەیبەتە سیاسیەکەی دێت نەخشەدادەژێت چەن و بچ شێوازێک دوبارە کۆمەڵگە بەرهەمبهێنێتەوە، یان چەن و بچ شێوازێک شونێ کاول کراوەکان کۆڵگەو ڕووگەی ژیان و حەوانەوەی خەڵکە هەژارکە بوو، ئاوەدان بکاتەوە، یان زۆر جاریش ڕویداوە لەدوای جەنگ کاول کاریەکان، ڕووگە نەدراوە بەخەڵکە هەژار کراوەکە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و تانانێت بەڕەنجی شانی خۆیشیان ئاوەدانی بکەنەوە، حاڵەتی وا لەئەفریکای باشوور ڕویداوەو ئەو خەڵکە هەژارەیان گواستەوە بۆ نێو جگەی هەژارترو جگەو ڕووگەی ئاسۆی ئەو خەڵکەیان کردوە بەشوێنی وەبەرهێنانی گەشتوگوزارو پێداکردنی قازانج بۆ شریکاتەکانی سەربەدەوڵەتی ئەمریکا (پارتوکی عەقدی ئەلسەدەمی نعومی کلاین باوردی باسی ئەو شۆڕە گواستنەوە بەزۆرانە دەکات) ئەو حاڵەتەو هەزاران حاڵەتی دیکەی جۆراوجۆری دیکە کەبچ شێوازێک دەست براوە بۆ لەدەم دەرکردنی پاروانانێک کەلەقوگی هەژارەکدا بوە تائێندازەی لەبرسانا مردنی هەزاران و نەخۆش کەوتن لەدەرئەنجامی بەدخۆراکی و بێکاری و هەژارتر کردنی هەژار کراوەکان، کاروپیشەی هەمیشەیی ئەم سیستەمە سەرمایەداریە بوو. بەڵێ هیچ کات ئەم سیستەمە خاوەن ئەو بڕیارە نیە کۆژیان و گوزەرانی شایستە دابین بکات بۆ کۆمەڵگەکان، بەڵکو ئەویشی تائێستا بەدەست هاتوە بەرهەمی بڕی ڕەنجی ماندوبونی خودی کۆمەڵگەکان و بەرپاکردنی شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکان بوە.

هاتنەمەیدانی ئەم جارەی جەماوەری زەحمەتکێشی ناڕازی لەئێران، بوومەلەرزە ئاسا کەی دووەتانی ناوچەکەو جیهانیشی ڕاتەکاند، ڕاتەکاندنێک ڕەنگە زۆر کەس لەخودی چینەزەحمەتکێشکان هەستی پێنەکەن، بەڵام سەرانی دەوڵەتدارانی سەرمایەداران بەباشی هەستیان پێکردوەو توندیش کاریگەری لەسەر داناون. بەڵێش زووبەزوو

هەرلایەن لایەن خۆیەوە لەمیدیاکان و بەخشینەوەی دەستی تەمەت بارکردن لەوی کە لەپشتی ئەو هاتنەمیدانەوەیە تالەو ڕەگەیەوە بتوانن ئاراستەی خۆپیشندانەکان بگۆڕن بەرەو دژە شۆڕش و خامۆش کردنەوەی ئاسۆی خواست و ئامانجەکانی چینە بەرهەمهێنەر چەوساوەکە لەئێرانداو،هەرلە دەرئەنجامی ئەو بەرپاکردنەی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە بو کەوای کرد لەترەمپ وئیدارەی دەوڵەتەکەی کەداوای کەبونەوەی بەپەلە لەئەنجومەنی ئاسایشی نەدەوڵەتی بکات کەکەبونەوەی خەرا گرە بدەن. بەستنی کونگرەو پێکدادانی نێوان خودی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکایش لەسەر مەسەلەی ڕێکەوتنامەی ئەتەمی بەخەی هەر لەو ڕەگەیەوە کەچەن بتوانن درێژە بەداگیرکاریەکانی خیان بدەن و لەولایشەوە وابەاوی بکەنەوە کەدەستی دەرکی پێیوستە بەئەو خرەشانە گەورێیەوە.

لەرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم،گەر بزوتنەوەی نەازی ملیەنی چینی کرێکارو خەڵکی کرێ وەرگر بەئاسێیەکی ڕەشنەوە لەمێدانەدا نەبن،ئەوا،ئەو چینە دەسەڵاتدارە بەهیچ تێرنەخواردوە نایەت ئاوەدانی و دابین کردنی ژیانێکی شایستە بەپێی خواستی زێرینە جەبەجێ بکات،بەپێچەوانەوە خودی ئەم سیستەمەی نیولیبراڵیزمەی سەرمایەداری دەت و بەئارەزوی خەی کاول کاری دەکات و کەمەگە واادەنەت کەلەبەردەمیدا بەچەکدا دابەت و خەی چەنی بوەت ئاوا نەخشە دابەژەت بە دروست کردنەوەو بنیات نانەوەی دوبارەی کەمەگەکان. لەرێیشدا چاوەوانی بەچینە زێرینەکەی کەمەگە تەنها دەبەتە بەردەکەی سیزیف و قەت بەی نایەتەدی کەدزەکان بتوانن پشکێکی باش بگەنەنەوە بە خاوەنە ئاسێیەکەی.

.

تاهیر حاجی حەسەن

13/01/2018

کەسەرەت ەسوە تەزاوی بووە …

عەزیز ئووف

لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەندامێکی نهێنی ناو شاری هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەران بەناوی "عەبدوڵا" پارێیەکی زێر لە کشتوکاڵی هەولێر دەفنەت و دەیبات بۆ ناو هێزی پێشمەرگە دواتر ئەم کارەکتەرە لەناو پێشمەرگە پێستی باڵا لەناو یەکێتی وەردەگرێت و بە "کەسرەت ڕەسوڵ عەلی" ناو دەردەکات و دەبێتە یەکێك لە فیگۆرە دیارەکانی خەباتی چەکداری یەکێتی لە شاخ. دە ساڵ دوای ئەم ڕووداوە کەسرەت ڕەسوڵ کە وەك ئەندامێکی ڕێکخستن هەولێر جەدەت بەدام لە ساڵی 1994 دەبێتە سەرکی حکومەتی هەرێم. هەر لەو ساڵەدا کە شەڕی ناوخۆ دەست پێدەکات و تەقینەوەیەك لە زاخۆ قوربانی زۆری لە کۆتۆڕ، پارتی دیموکرات دەسبەجێ کەسرەت ڕەسوڵی بە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیە تاوانبار کرد و فرمانی لەسێدارەدانی بە دەرکرد، بەڵام دواتر و لە 2005 کە ئیدارەی یەکێتی و پارتی یەکی گرتەوە و بەرژەوەندیەکان هاوبەش بوون، پارتی قبوڵی بوو کە کەسرەت ڕەسوڵ ببێتە جێگری سەرکی هەرێم کە بارزانی سەرکایەتی دەکرد.

لە ڕووداوەکانی 31ی ئابی 1996 کاك کەسرەت سەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو پارتی بە هاوبەشی سوپای عیراق هەولێری داگیر کردو ئۆکات دەنگۆ هەبوو کە کەسرەت ڕەسوڵ بە هێز و بازووی خۆی هەولێری جەهەشتووە و شەهیدیشی داوە و هەندەك دەیانوت کارئاسانی بە کراوە کە بەوات و هەولێر جەبەڵەت. من ئۆکاتێ قوتابیەکی قۆناغی ئامادەیی بووم، لە نزیك گوندی "زەڵم" سەر سنوری ئێران ساجەکمان گەرم کردووە و هەویر بە دەست پان دەکەینەوە و دەیبرژێنین و بە چایی یەوە دەیخۆین، کاك کەسرەت لەگەڵ کەمەك پێشمەرگە بەلاماندا بە پیادە دەڕۆن و سەاو مان لە دەکەن.

+ کوێنە چۆن؟
- بەخێر بێی کاك کەسرەت فەرموو نانمان لا بخۆ؟
+ سوپاس، عافیتتان بێت. "بەڕێزەوە تەماشامان دەکا".
من وەك خەم هەر ئۆوجارە کاك کەسرەتم دیوە و دواتر هەر لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بینیومە. بەڵام ئەو عەسرە کاك کەسرەت بە قات و تاقم تفەنگ و جامانەیکی ڕەش لە ملیدا، هیلاك و ماندوو، سەرو قژی تەپ و تەزاوی، ڕوخساری پێشمەرگەیکی ڕاستەقینەی هەبوو بەڵام وێنەی کاك کەسرەت دواتر لەسەر کورسی دەسەڵات و ململلانێکانی ناو یەکێتی و پچڕینەوەی پێستی باڵا بە کۆنەکانی، وێنەی کاك کەسرەتی گەڕی و بە هەر شێوەیك بێت بوو بە کارەکتەرێکی تر.

جارێك چێ گیڤارا وتی: "پارتیزان پێویستی بە ئوتێل نیە". هەموو پارتیزانەکان کە دەچنە دەستەیات وخساریان دەگەڕێت، هەرگیز کاستری دوای شەش و پەش شەش یەك نین. قەت ئەو کاك کەسرەتی لە زەڕە لە سنوری ئێران لە 1996 بینیم گورج و گۆ و و تزاوی و ماندو، هەرگیز ئەو پیاوی دواتر و ئێستا نیە.

منداڵ سحرکی سیرە، وەك هەمیشە دایکم دەیوت "جەرگ زامە"، لە هەشتاکانی سەدی ڕابردوو "مستەفا چاوەش" وەك بەرپرسکی یەکێتی لەشاخ دەبێت و بەعس منداڵەکانی دەستگیر دەکەن، نامەیەك دەنوسێت و دەیێت چیتان دەوێت؟ ئەم نامەیە بە فایل ناودەبرێت و ماوەیەك لەگەڵ سێ سەرکردەی تردا لەناو سەرکردایەتی یەکێتی دەنگ دەداتەوە و دواتر مام جەلال لە کۆنگرە لێیان خۆش دەبێت. بەڵام دەبە ئەو ڕاستیەش بزانین کوڕەکان شەڕشگێڕەکان وێران دەکەن. کوڕەکانی قەزافی سەری باوکیان خوارد و حوسنی موبارەکی سەرکی پیشووی مسر وتی: هەموو گەندەڵیەکان خەتای جەمالی کورم بوو.
هەرگیز کورەکانی مام جەلال" پاڤێ و قوباد" بە تاڵێ دەزوویەك بە باوکیان ناچن و جەهەشتنی ئەم هەموو دەستەیات و کورسی و سامانە بە کوڕەکانی، بەر لە هەرشت لەدانە لە هەڵە و ماندووبوونی مام جەلال. کوڕە پاراستنەکەی بارزانی "مەسرور" زەر لە باوکی سەرسختتر و سەربەگەبەندترە، کەس سەری کاك مەسعودی نەخوارد ئەوکوڵانەی نەبێت، یەکە تەلەفزیۆن و یەکە بیرە نەوت و یەکە زانکەی ئەهلی هەیە و تەنانەت فڕۆکەی سەفەرکردنیشیان جیاواز بوو. کاك نەوشیروان بناغەی یەکەم هەزی ئەپەزسیۆنی کارای دامەزراند، بەڵام کوڕەکانی " چیا و نما" نازناوی "باوکی هەژاران"یان لە کاك نەوشیروان سەندەوە و کەی سەروەت و سامانی گەلەکان بە گرد و سوپەرمارکێتیشەوە لەسەر خۆیان تاپۆ کرد.
بە کاك کەسرەتیش ڕاستە و شەڕی کاك کەسرەت بە ئەوی کوڕەکانی لەدوای خۆی بەنە پشەوە و یەکە بە وەزیر و یەکە بە سەرکردایەتی یەکێتی، ئەوەندەی تر شەوەی کاك کەسرەتیان گەڵی لە پیاوەکی گورج و گۆ و پشمەرگەئاساوە بە باوکەکی کەنەفت و ماندو کە دەیەوێت دوای خۆی کوڕەکانی ڕازی بکات.

لە ئێستا کاك کەسرەت نەخشە، کەنەفت و ماندووە. کەس نیە بە کاك کەسرەت بڵێ بەڕاستی تۆ ماندویت و تەنانەت توانای قسەکردنیشت ئاسایی نیە و بە تەلەفزیۆن مەدوە با گەنجێك لە یەکێتی ئەو دۆخە ببینێت. کەس نیە ئاوەنێك بخاتە بەردەم کاك کەسرەت و پێی بڵێ بەڕاستی کاتێتی ئیسراحەتێك بکەن یان هەوە بدەن یاداشتەکانتان

بنوسنەوە.

کە یەکەم جار کاك کەسرەت دەبینم، پیاوێکی خاکی و چوست و چالاك و گورج و گۆ، بەڵام کە دواجار لە تاڵەفزیۆن دەیبینم، پارێزگاری سلێمانی، لە پشکی گۆران، خەی خستەتە ژێر باڵی و لە فرەکە دەیهێنتە خوارەوە، هەمانکەی جارج ئیروە "مەزرای ئاژەڵان" م بیر دەتەوە کە هەموو شەشگەڵك لەدەرەوەی سیستەم و لێپرسینەوە، ەوخساری بەیەکجاری دەگۆڕێت.

هەبەزاردن، بە بەندیواری پەرلەمانتاران و گیرفان پەکردنی سەرانی پارتەکان دەبێت! … ئاشتی ئیبراهیم ئەفەندی

لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئەمڕۆ، پارت و لایەنە سیاسیەکانی کورد، بەشداری هەبژاردنەکانی عیراقییان کردوە و چەند پستەکی باڵایان هەبووە لە بەغداد. ئەم ئەزموونە، بە گەلەکەمان، چەند ەاستییەکی بە بەگەی بینراو و بیستراو سەلماندوە، کە ئەویش ئەویە، بوونی ئەندام و لایەنگری پارتە کوردییەکان لە بەغداد، هیچ دەستکەوتکی نیشتمانی و نەتەوەی، بە کورد مسۆگەر نەکردوە، بەڵام بە سەرانی قەوارە سیاسییەکان و پارتە کوردییەکان لە پش هەبژاردن و دوای هەبژاردن، دەستکەوتی ماددیی هەبووە، وەکو،

یەکەم، بە پارەی پش هەبژاردن،

هەر قەوارەیەکی سیاسی، کە بە گوڕەی یاسای عیراقی، ناوی خەی تمارکردبێت و بەشدار بوو بێت لە هەبژاردنکانی عیراق، بە پرسەی هەبژاردن و بانگشە، پارەیکی دیاریکراوی بە خەرج کراوە، لە لایەن حکومەتی عیراقەوە. ئەو پارەیە، پش هەبژاردنکان، لە

ژێر دەستەاتی کەسایەتی یەکەمی نێو ئێو پارتانە بووە و بەیاردەر بووە، لەوەی کە چەند و چۆن، ئێو پارەیە خەرج بکرێت، چەندی لە تەرخان بکرێت بۆ مەبەستە ئاستەقینەکە و چەندی لە لابەرێت.

دووەم، پارەی دوای هەڵبژاردن،

دوای هەر هەڵبژاردنێک، بۆ گۆڕەی ژمارەی کورسی براوە، حکومەتی عیراق بۆ پارەیەکی دی، تەرخان کردوە بۆ قەوارە سیاسییەکان، کە چەتە خزمەتی حزبەکان یان خزمەتی سەرانی پارتەکان. ئەوەی پێویستە بوترێت نرخی یەک کورسی پەرلەمانی عیراق پارەکەی زیاترە لە نرخی یەک کورسی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم، پەرلەمانتار و بندیوار و خواردنی موچەی ٤٠ پاسەوان،

کاندیدی دەرچووی هەر لایەنێک، بەگومان ئێو کەسانە بوون، کە سەرانی پارتەکان، بەیاریان داوە، پێشوەخت کاریان بۆ بکرێت لە نێو رێکخستنەکانیان و لە نێو جەماوەر، بۆ دەرچواندنیان لە هەڵبژاردنەکان، وەک ئیمتیاز، پێستی پەرلەمانی عیراقییان وەرگرتووە و بوون بە توتی سەرانی پارتەکانیان، بەرامبەر بە بوون بە خاوەنی موچەی باڵا کە لە سەرەتادا ٦٠٠٠ هەزار، دۆلاری ئەمریکی بوو لە مانگێکدا، دواتر بوو ١٠ یان ١٢ هەزار دۆلاری ئەمریکی، لە دوای ئەوە ئێو پارەیە هەندێکی لە کەم کرایەوە.
لە سەرەتادا، حکومەتی عیراق بۆ هەر پەرلەمانتارێک موچەی"٤٠" پاسەوانی خەرج دەکرد. پەرلەمانتار، ئێو پارەیەی وەردەگرت، بەڵام مافی ئەوەی هەبوو، کە بەیار بدا چەند پاسەوان دابمەزرێنیت، لە یەکەوە تا چل. پەرلەمانتارەکان ئێو پارەیان وەردەگرت و لە بنی باخەڵیان دەنا، تەنیا یەک یان دوو یان سێ پاسەوانیان دادەمەزراند. بە کوردییەکەی ئێو پەرلەمانتارانەی کە باسی یاسا و دەستوریان دەکرد لەهەڵی پەرلەمان، خاوەن بندیوار بوون! دوای تەواوبوونی خولی پەرلەمان، پەرلەمانتار دەبوو بە خاوەن پارەی خانەنشینی باڵا، گەلێک کەس هەن دوای بوونیان بە خانەنشینی پەرلەمانتار، وازیان لە پارتەکەیان هەناوە! ئەم دیاردەیە زۆر زەق و لە نێو هەموو پارتەکاندا بە ئاشکرا دەبینرێت بە تایبەتی لە نێو (گۆران و یەنک)، تەنیا لە نێو پارتی کەم، بەهەی ئەوەی ئەندامەکانی ئەوان، زیاتر دەترسان تیێ بکرێن!
بەشداری پارتە کوردییەکان، وەرگرتنی پێستی باڵا لە بەغداد، بۆ ئەندامەکانیان، بە میللەتی کورد هیچ دەستکەوتێکی ماددی، مەعنەوی

نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێت، ئەو پێستە باڵیانە، بوون بە مایەی گیرفان پڕکردن و بوار ڕەخساندن بۆ دزی کردن، نموونە، "هۆشیار زێباری" لە پێستەکەی دەرکرا، بەهۆی دزی کردن. بە دڵیان کەسی تر کە سەر بە پارتەکانی دین، لە بەغداد خەریکی دزی بوونە و ئێستا بووە بە میلیۆنێر. سەرچاوەی ئەوانەش، گەلێک لەوانەی چوونەتە بەغداد، دەستیان لەگەڵ لایەنی شیعە یان سونە تێکەڵ کردوە، یان بوون بە ماستاوچی فەرمانڕەوا و فیسارە سەرکردەی شیعە. وەرای ئەوەش، هەوێداوە کە هەر کاتێک جەماوەری بەغداد وێستبێتیان بە بەبێ ڕەزیەوە پەرلەمانتارە کوردکانیان لێ ناوە!

هەنوکە، دوای هەڵبوونی چەند خولێک، لە بەشداری کورد لە پەرلەمانی عیراق و وەرگرتنی پێستی باڵا لە بەغداد، سەرەڕای ماوەڕانی و شکۆی دژ بە داعش، برسێتی و قاتوقڕی و نەبوونی موچە، حەشد و سوپای عیراقی، هەرشیان هێنا بۆ سەر کوردستان، بە دڵیان خەڵکیان شەهید کرد، ئاڵای کوردستانیان خستە ژێر پێستاڵکانیان، کەرکوکیان داگیر کرد، دەستیان کردوە بە تەعریب و دەرکردنی کورد لە ناوچە کشتوکاڵەکان، نەهێشتنی هیچ هێزێکی چەکداری کورد لە نێو کەرکوک، تا دەگات بەوەی، پارتە کوردییەکان دەسەڵاتی ئەویان نییە بە پارێزگاری کردن لە بارەگاکانیان، پاسەوان و چەکداری کوردییان هەبێت! هەروها حکومەتی ناوەند، وەک پارێزگایەک چاو لە شارە کوردییەکانی دی وەک هەولێر و سلێمانی دەکات، نەک وەک هەرێمێکی سەربەخۆ! ئەگەر چاوسوورکردنەوەی ئەمریکا نەبوایە، ئێستا حەشد، سەردار و حاکمی یەکەم بوو لە کوردستان. وەرای ئەو بارودۆخە و ئەو ئەنجامانە، پارتە کوردییەکان، میدیا و تەنانەت کەمایەتییەکانیان، سەرقاڵ کردوە بە زەرورەت و گرنگی بەشداری کورد لە هەبژاردنەکانی عیراق گوایە ئەو بەشداری کردنە دەبێتە هۆکاری دەستکەوتی نیشتمانیی و نەتەوەیی بۆ کورد!
بەشداری کورد، بە ماوەی ١٥ساڵ لە پەرلەمانی عیراق و وەرگرتنی پێستی باڵا لە بەغداد، لە دەستکەوتی شەخسی و تایبەتی بەولاوە، هیچی تری لە شین نەبووە بۆ میللەتەکەمان. ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندە و واقیع و سروشتی پارت و سەرکردە کوردەکان و عەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی عیراق و ئیران، پێمان دەڵێت, بەشداری پارتە کوردییەکان, لەو هەبژاردنەش, تەنیا بۆ هەڵخەڵتاندن و لە گیرفان پڕ کردنی کەمێک کەس بەولاوە، هیچی تری بۆ میللەتەکەمان لە شین نابێت. ڕەژگاریش لە ئایندەییەکی نزیکدا، دەبێت بە سەنگی مەحەکی ڕاستیی ئەو بۆچوونە!

کتێب و ڕۆشنبیری و خوێندنەوە.. ! .. لەبەر چاوی کەریم

وتیان کافێ و کتێبخانەی جەمال عیرفان شوێنکی ستراتیجی لەسەر شەقامی سالم پێدراوە و لکاوە بە یەکێتی نووسەرانی کوردی زانی سووزاوە!! وتم سەرەو خێرێ و با بچین ئاوڕێک تاقیبکەینەوە، هیوادارم جێیەکی ڕۆشنبیری بێت نەك توجاریی، ڕەنگە لەوێ ئاو ڕۆشنبیری جدیانەی لێ مۆڕ لەم ونن بیاندزمەوە، موناسەبیەك هاتە پێش و نووسەرێکی بە توانا داوای لێکردم چەند نووسخەیەکی کتێبە تازەکەی بۆ ئاوێ ببەم، بۆ هیوایەی لەوێ نمایشبکرێت و ئاوانەی تامەزرۆی خوێندنەوەن و مەراق و ئارەزوویانە بۆ کتێبەش ئاشنا بن و خوێندنەوەی بۆ بکەن، چونکە لە کۆتاییدا هەر خوێنەرێ بەیار بەسەر باشی و خراپی کتێبدا دەدات..

هەرچەندە داشکاندنی کتێب هەندکجار مایەشی پووچ دەکەوات و نووسەر هەر سەریشاو دەردەدەی بە دەمنیتەوە، بەڵام ئاوەی سەنگ بە کارەکەی دەدات ئاو پشتوازیەی کتێبخانەو خوێنەرانە کە کاردانەویان دەبێت بە پێتووکە جیاوازە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی و مێژووی و زانستیەکان و تاد…

لە کاتێکدا ئەم دەزگایە لە پایتەختی ڕۆشنبیریدایەو خەیان بە دەسەزی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی کوردی دادەنێن و ناوی کەسایەتیەکی دیاریان لە خەباتی چەوساوانی کورد کردووە بە ناوی کافێ و کتێبخانەکەیان، بەڵام ئاوەی هەرگیز جێی بیرلێکردنەوەو خەماندن نیە، ئاوەیە زەر بە هەوەستەکی ناشرین ڕەفزی وەرگرتنی کتێبەکە بکرێت، لە کاتێکدا ئاوان هیچ ماندوونەبوون بە نووسین و چاپکردنی کتێبەکەو تەنیا نمایشتی دەکەن و لە کۆتاییدا نیوی تێچوونەکەشی بە خاوەن کتێب ناگەێنتەوە.

کاکی خاوەنی کتێبخانە بە ئاوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە ببینێت، وتی لای ئەمە سەرف نابێت.

وتم: هیچ پارە نادیت تا سەرف نەبێت، ئاوساش بە تەسریفی داشکاندن حسابی دەکەن.

ئەنجا بیانوی ئەوەی دەربەی جێگای نییە بۆ نمایشکردن.
جارێکی تر وتم: ئەو ڕەفانە بەتاڵن دەتوانیت لەوە دایان بنێیت.
وتی: ئەمە خەمان دەزگای چاپەمنین و کتێبی خەمان دادەنێین.
